# فەزڵ و پلەو پایەی

# دە رۆژی مانگی ذی الحجة وئەنجامدانی سوونەتەکانی

[ بە کوردی ]

فضل أيام عشر ذي الحجة والأعمال الواردة فيها

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی :حاجی ئومێد چروستانی
الكاتب : أوميد عمر علي

وەرگێڕانی : پشتیوان سابیر عزیز
الترجمة : بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

بسم الله الرحمن الرحيم

## فەزڵ و پلەو پایەی

## دە رۆژی مانگی ذی الحجة وئەنجامدانی سوننەتەکانی

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورەو میهرەبان و درود و ڕەحمەتی فراوانیش بۆ سەر گیانی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفی وهاوەڵ وشوێن کەوتوانی هەتا هەتایە.

خوشك وبرایانی ئازیز ئاشکرایە لای هەمووان دەرگای پەرستش و عبادەتەکانی خوای گەورە هەمیشە واڵایە لەبەر دەم بەندەکانی خوای گەورەدا ، بەڵام پەروەردگار وەك میهرەبانیەکی زیاتری خۆی هەندێك وەرز ومەوسمی تایبەتی دەست نیشان کردوە، تاوەکو بەندەکانی خوای گەورەهەوڵ و کۆششەکانی خۆیان زیاتر بکەن و ئەو مەوسم و وەرزانەبەهەل و فورسەت وەربگرن لەپێناو بەدەست هێنانی زیاتری ڕەزامەندی پەروەردگاریان و پێشبڕکێ کردن لەنێوان خۆیاندا بۆ ئەوەی بتوانن بەندەیەکی ڕاست و دروستی خوای گەورەبن .

جا خۆشبەخت و سەرفراز ئەو کەسەیەبتوانێت ئەم وەرز و هەلانەلەکیس خۆی نەدات و لەهەمان کاتیشدا بتوانێت لەطاعەت و بەندایەتی خوای گەورەدا بەسەریان بەرێت .

لەو وەرز و مەوسمانەش کەپاداشت و خێرێکی زیاتری هەیەلەڕۆژەئاساییەکانی تر ( دەشەوی سەرەتای مانگی ذی الحجة ) یەکەپێغەمبەری خواش ( σ ) شاهیدی گەورەی وزیادەفەزڵی بۆ داوە، کەباشترین ڕۆژەکانی دونیایە، ولەهەمان کاتیشدا ئیمانداران هاندەدات کەزیاتر کردەوەی چاك و بەندایەتی بۆ پەروەردگاری تیادا ئەنجام بدەن ، نەك هەر ئەوەندەبەڵکو پەروەردگار لەبەر گەورەی ئەم ڕۆژانەسوێندی بە( دەشەوی سەرەتای مانگی ذی الحجة ) خواردووە، ئەمەش بەسەلەسەر گەورەی و شەرەف و خاوەن ڕێزی ئەم شەوانە، چونکەکەسی گەورە( واتەخوای گەورە) تەنها سوێند بەشتانێکی گەورەو بەڕێز دەخوات .

ئەمەش وادەکات لەمرۆڤی موسڵمان زیاتر هەوڵبدات زۆر بەشادی و خۆشبەختی پێشوازی لەم بۆنانەبکات ، جا خوشك برای بەڕێز با هەموو لایەکمان

قۆڵی مەردانەی لێ هەڵماڵین ، ئەمڕۆ کەڕۆژی کۆشش وکارکردنە، خۆ ماندوو بکەین بۆ ڕۆژگارێك کەهەموو کەس پێویستی بەچاکەوکاری خێر هەیە،ئەو ڕۆژەش رۆژی پاداشت وەرگرتنەوەیە، ڕۆژی جیابوونەوەی بەرەکانەبەرەی ئیمانداران و موسڵمانان لەلایەك ، بەرەی بێباوەڕان ولەخودا یاخیان لەلایەکی تر، رۆژگارێکەهیچ پەشیمان بوونەوەو ئاخ و ئەسەفێك سوودی نی یە .

لەخوای گەورەداواکارین کەلەبەرەی ئیمان دارانمان بگێڕێت و یارمەتیمان بدات کەبەندایەتی وخواپەرستیەکانمان لە( دەشەوی سەرەتای مانگی ذی الحجة ) زیاتر بکەین بەوشێوەیەی کەخواو پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) دیاریان کردووە.

بەچی شێوەیەك پێشوازی لەم دەشەوەبکەین ؟

١- تەوبەکردنێکی ڕاست ودروست :

پێویستەلەسەر باوەڕداری ڕاستەقینەوەرز و مەوسمەکانی طاعەت و خوا پەرستی بەتەوبەکردنێکی ڕاست و دروست پێشوازی بکەین ، پەیمان بدەین بەخوای گەورەکەبەڕاستی واز لەو تاوانانەدێنین کەکردومانە، چونکەتەوبەکردن هۆکارێکی سەرەکی یەبۆ سەرفرازی و خوا لەخۆڕازی کردن وەك پەروەردکار دەفەرموێت : ( وَتُوبُوا إلى اللهِ جميعاً أيها المؤمنُونَ لعكلمْ تفلِحُون ) واتە: ئەی ئیمانداران هەموتان بگەڕێنەوەبۆلای خوای گەورە،تاوەکو سەرفراز ورزگاربن ) .

٢- یەکلایی بوونەوەی تەواو بۆ ئەوەی ئەم ورەز ومەوسمەتازەیەلەکیس خۆمان نەدەین، جا پێویستەباوەڕداری خاوەن هیمەت زۆر پێداگرێت لەسەر ئەوەی ئەم شەوانەئاوەدان بکاتەوەبەکار وکردەوەی چاك و ووتەو یادو زکری خودای گەورە، جا هەرکەسێکیش نیەتی خۆی یەکلایی بکاتەوەبۆ خوای گەورەبێگومان پەروەردگاریش یارمەتی وتەوفیقی ئەدات ،پەروەدگاریش لەم بارەیەوەدەفەرموێت : ( والذينَ جاهَدُوا فينَا لَنَهدِيَنَّهمْ سُبُلَنَا ) واتە: ئەو کەسانەی تێکۆشان و جهدیان کرد لەپێناو ئێمەدا ، ئێمەش لەبەرامبەردا ڕێنموونیان دەکەین بۆ رێنموونی خۆمان کەئیسلامی پیرۆزە.

٣- دوورکەوتنەوەلەسەرپێچی وتاوان :

هەروەك چۆن گوێڕایەڵی وطاعەت کردنی پەروەردگار هۆکاری نزیك بوونەوەیەلەپەروەردگار، بەهەمان شێوەتاوان وسەرپێچیش هۆکاری دووربونەوەو دەرچونەلەڕەحمەتی پەروەردگار، چونکەجاری واهەیەمرۆڤ بەهۆی تاوان و گوناهەکانیەوەلەڕەحمەتی خوای گەورەبەری دەبێت ، جا خوشك وبرای بەڕێز ئێمەئەگەر دەمانەوێت وحەز لەوەدەکەین کەپەروەردگار لێمان خۆش بێت ، ئەوا دەبێت

لەژیانی ڕۆڤانەماندا ئاگاداری ئەوەبین نەکەوینەتاوانەوە، بەتایبەتی تاوانەگەورەکان وەئەگەر تێیشی کەوتین خێرا داوای لێبووردن لەخوای گەورەبکەین .

جا ئازیزان وخۆشەویستان لەبیرمان نەچێت هەرکەسێك لەئێمەهەموو سات و کاتێك لەڕێی ئەوەداین کەئەم دونیایەبەجێ بهێڵێن و بگەڕێینەوەبۆلای خوای گەورە، جا پێش ئەوەی ئەو ڕۆژەبێت با ئێمەخۆمانمان بۆ ئامادەکردبێت .

فەزڵەکانی ( دەشەوی سەرەتای مانگی ذی الحجة )

یەکەم : خوای گەورەسوێندی خواردووەبەم دەشەوە.

هەرشتێك سوێندی پێبخورێت بەڵگەیەلەسەر گرنگی و مەکانەتی ئەو سوێند پێخوراوە، بێگومان پەروەردگاری باڵادەستیش سوێند بەشتانێکی گەورەدەخوات ، وەك دەفەرموێت : ( وَالفَجرِ وليالٍ عَشْرٍ ) واتە: سوێند بەبەرەبەیان و سوێندیش بەدەشەوی یەکەمی مانگی ذی الحجة .

ئەو دەشەوەش کەلەم ئایەتەدا خوای گەورەسوێندی پێخواردوە، وەك جمهوری زانایانی و موفەسرین لەسەلەفی صاڵح و خەلەفیش لەسەر ئەوەن ، ئەوەیەکەئیبن کەثیر لەتەفسیرەکەیدا ئاماژەی پێداوەکەمەبەست لێی دەشەوی سەرەتای مانگی ذی الحجة یە.

تێبینی / کاتێك ئەڵێن پەروەردگار سوێندی خواردووەبەم دەشەوەیان هەر دروست کراوێکی تری خۆی ئەوەبەڵگەیەلەسەر مەزن و گەورەی ئەو شتانە، و نابێتەبەڵگەودەلیل لەسەر ئەوەی مرۆڤیش سوێندیان پێبخوات ، چونکەوەك زانایان دەڵێن ئەوەتایبەتەبەخوای گەورەوەو بۆ هیچ کەسێك نیەسوێند بەوشتانەبخوات کەپەروەردگار سوێندی پێخواردون ، چونکەئەو کاتەدەچێتەچوار چێوەی شرك وهاوەڵ پەیداکردن بۆخوای گەورە.

دووەم : ئەو شەوانەئەو ڕۆژانەشن کەپەروەردگار یاد وزکری خۆی تیادا بەگەورەوپیرۆز باس کردوە، وەك دەفەرموێت : ( وَیَذكُروا اسم اللهِ في أیامٍ مَعْلُوماتٍ عَلى مَا رَزَقَهُمْ مِنْ بَهیمَةِ الأنعَامِ ) واتــە: وەناوی خــوا ببــەن ( کاتێك قوربــانی سەردەبڕن ) لەڕۆژانێکی دیــاری کــراودا ( مەبەست پێی چوار ڕۆژەلەو دەڕۆژەی کەخوا سوێندی پێ خواردووە) لەسەر ئەو ئاژەڵانەی خوا پێی داون .

دیسان جمهوری زانایان پێیان وایە(أیامٍ مَعْلُوماتٍ ) مەبەست پێی دەشەوی سەرەتای مانگی ذی الحجة یەوەك عەبدوڵڵای کوری عومەر و عەبدوڵڵای کوری عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت ) .

سێهەم : پێغەمبەری خوا ( σ ) شاهیدی ئەوەی داوەکەئەم دەشەوەباشترین ڕۆژو شەوەکانی دونیان .

جابری کوری عەبدوڵڵای ( خوای لێ ڕازی بێت ) لەپێغەمبەری خوا ( σ ) دەگێڕێتەوەکەفەرموویەتی ( أفضل أيام الدنيا أيام العشر - يعني عشر ذي الحجة - قيل : ولا مثلهن في سبيل الله ؟ قال : ولا مثلهن في سبيل الله إلا رجل عفِّرَ وجهه بالتراب ) ( رواه البزاز وابن حبان وصححه الألباني ) واتە : باشترین و پڕ فەزڵترین ڕۆژەکانی دونیا دەڕۆژەکەن - واتەدەرۆژەکەی سەرەتای مانگی ذی الحجة _ ووتیان : ئایا تێکۆشان و جهاد کردنیش لەپێناو خودادا بەئەندازەی ئەو ڕۆژانەفەزڵیان نیە؟ پێغەمبەریش ( σ ) فەرمووی : تێکۆشانیش لەپێناو خوادا وەك ئەو دەڕۆژەفەزڵیان یە، مەگەر کەسێك لەجهاد و تێکۆشان لەپێناو پەروەردگاردا ئەوەندەمانوو بوبێت کەڕوومەتی تۆزاوی و خۆڵاوی بووبێت .

ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کارو کردەوەی خێر و صەدەقەکردن و زکری ویادی خوای گەورەلەم دە ڕۆژەدا لەجهاد کردن و تێکۆشان لەپێناوی خوادا زۆر گەورەترە. واتەموزاعەفەکردن و بەچەند جار نووسینی کارو کردەوەی باش و پاداشت دانەوەی لەلایەن پەروەردگارەوەلەفەزڵەگەورەکانی ئەم دەڕۆژەن .

چوارەم : یەکێکی تر لەفەزڵەکان ئەوەیەرۆژی عەرەفەدەکەوێتەناو ئەم دەرۆژەوە:

رۆژی حەجی گەورە، رۆژی لێخۆش بوونی پەروەردگار ، رۆژی ئازاکردنی بەندەکان لەئاگری دۆزەخ ، خۆ گەر دەشەوەکەی ذی الحجة هیچ گەورەییەکیان نەبێت، تەنها گەورەی رۆژی عەرەفەنەبێت هێندەبەسەبۆ گەورەی ئەو رۆژانەکەعەرەفەی لەخۆ گرتووە.

گومانی تیدا نیە ( يوم العرفه) ئەوەندەفەزڵ و گەورەی خۆی هەیەلای پەروەردگار کەپێغەمبەری خوا ( σ ) لەبارەیەوەدەفەرموێت : ( الحج عرفة ) واتە: حەج کردن واتە وەستانی رۆژی عەرەفە ( بەو مانایەی ئەگەر عەرەفەنەبێت حەجی موسڵمان قەبوڵ نابێت ) .

پێنجەم :یەکێکی تر لەفەزڵەکان ، رۆژی قوربانی کردن دەکەوێتەناو ئەم دەرۆژەوە:

قوربانی کردن بۆ پەروەردگار یەکێکەلەو کارو پەرستشانەی کەتەنها وتەنها دەبێت بۆ خوای گەورەئەنجام بدرێت و بۆ هیچ کەسێکی تر بکرێت، ئەم کارەش سەرەتا پەروەردگار فەرمانی بەپێغەمەبری خوا ( σ ) کردوەکەبەئەنجامی بگەیەنێت وەك خوای گەورەدەفەرموێت : ( فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ ) واتە: نوێژ ئەنجام بدەبۆ پەروەردگارت و پاشانیش قوربانی بۆ بدەو ئاژەڵی بۆ سەر ببڕە، لێرەدا گرنگی قوربانی دانمان بۆ دەردەکەوپت کەخوای گەورەبەیەك فەرمان لەگەڵ نوێژ کردندا فەرمانی پێکردوە.

شەشەم : کۆبونەوەی هەرچی کاری خێر و باشەو فەزڵدارەلەم ڕۆژردا کۆ بوەتەوە:

ئیبن الحجر ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەفەرموێت : ئەوەی ئاشکرا بووەهۆکاری فەزڵ و گەورەی ( ذی الحجة ) ئەگەڕێتەوەبۆ ئەوەی هەموو بەندایەتی یەسەرەکیەکانی ئیسلامەلەم رۆژانەدا کۆبونەتەوە، وەك نوێژ و رۆژوو و بەخشین و قوربانی دان وحەج کردن و هی تریش ، کەلەغەیری ئەم دەڕۆژەدا ئەمانەبەدی ناکرێت .

ئەو کارو کردەوانەی کەخێری زۆرەلەم دەڕۆژەدا ئەنجام بدرێن :

١ - ئەنجام گەیاندنی حەجی ماڵی خوا و عومرەکردن بۆ کەسانێك خوا دەسەڵاتی پێدابن :

باشترین کارێکی خێر کەلەم دەڕۆژەدا بکرێت ، ئەنجام دان و جێ بەجێکردنی

حەجی ماڵی خوایە لەگەڵ عومرەکردن ، ئەمەش بەدەقی فەرموودەی پێغەمبەری خوا ( σ ) پاداشتەکەی بەهەشتە وەك دەفەروموێت : ( العمرة إلى العمرة كفارة لما بينهما ، والحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة ) ( بوخاري و موسلیم ڕیوایەتیان کردوە) واتە: عومرەکردنێك بۆ عومرەکردنێکی تر دەبێتەهۆی کەفارەت و سڕینەوەی گوناهەکانی نێوان ئەو دوو عومرەیە، ئەنجامدانی حەجێکی پاك و خاوێن و دوور لەگوناهـ و سەرپێچی کردن هیچ پاداشتێك شایانی نیە جگەلەبەهەشتی هەتا هەتایی نەبێت .

( الحج المبرور ) ئەو حەجەیەکەبەپێی سوننەت و ڕێنمایەکانی پێغەمبەر ( σ ) بێت ، کەدووربێت لە تاوان و ڕوپامایی و ناو وناوبانگ و کۆ بونەوەلەگەڵ خێزان و قسەو کردەوەی پروپوچ ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو حەجەیەك پارچەبێت لەکردەوەی چاك و کردەوەو ووتەی خێر .

٢ - رۆژووی عەرەفەئەو رۆژەیەپەروەدگار لەحاجیانی ماڵی خوا خۆش دەبێت ،

پەروەردگار ئەو کەسانەشی بێ بەشی نەکردووەلەفەزڵ و پاداشت وگەورەی ئەو رۆژەکەلەحەجدا نین ، ئەوەتانێ پێغەمبەری خوا ( σ ) لەبارەی پاداشتی گەورەی رۆژوو گرتن لەو رۆژەدا دەفەرمـوێت : ( صيام يوم عرفة أحتسب على الله أن يكفر السنة التي قبله والتي بعده ) ( ئیمامي موسلیم ڕیوایەتی کردوە) واتە : ڕۆژووی رۆژی عەرەفە( بۆ غەیری حاجیان ) تکام وایەلای پەروەردگار کەگوناهی ساڵێك لەوەوپێش و ساڵێك لەوەو دواش بسڕێتەوە.

٣ - نوێژ کردن : نوێژ کردن یەکێکەلەپڕ فەزڵترین و گەورەترین ئەو کارانەی

کەخۆشەویستی یەکی زۆری هەیەلای پەروەردگار ، لەبەر ئەوەپێویستەمروڤی موسڵمان زۆر ئاگاداری کات و ئەنجامدانی نوێژەکانی بێت کەبەجەماعەت و لەمزگەوت

ئەنجاميان بدات ، زياتر لەوەش نوێژەسونەتەكانى زياتر بكات لەم ڕۆژانەدا ، چونكەنوێژەسونەتەكان لەباشترين ئەو كارانەن كەمرۆڤى موسڵمان ئەتوانێت بەهۆيانەخۆى لەپەروەردگارى ميرەبان زياتر نزيك بكاتەوە، ەك پێغەمبەر ( σ ) دەفەرموێت : ( وما يزال عبدي يتقرب إليَّ بالنوافل حتى أحبه .. ) ( ئيمامى بوخارى ڕيوايەتى كردوە) واتە: بەردەوام بەندەكەم بەئەنجامدانى نوێژە سونەتەكان خۆى لەمن لەنزيك دەكاتە، تا من خۆشم دەوێت ...

٤ - ( الله اكبر ) و ( الحمد لله ) و ( لا إله إلا اله ) و يادى خوا كردن :

عەبدوڵڵاى كوڕى عومەر ( خواى لێ ڕازى بێت ) دەگەڕێتەوەكەپێغەمبەرى خوا ( σ ) فەرموويەتى : ( ما من أيام أعظم عند الله ولا أحبُّ إليه العمل فيهم من هذه الأيام العشر ، فأكثروا فيهنَّ من التهليل والتكبير والتحميد ) ( ئيمامي ئەحمەد ڕيواەيتى كردوە) واتە: هيچ رۆژێك نيەوەك ڕۆژانى دەى ذى الحجة لاى پەروەردگار گەورەو خۆشەويست بێت ، كەواتەئێوەش زۆر ( لا إله إلا الله و الله أكبر و الحمد لله ) بكەن لەم دەڕۆژەدا .

ئيمامى بوخارى ( ڕەحمەتى خواى لێ بێت ) دەفەرموێت : " لەدەڕۆژى ذى الحجة دا عەيدوڵڵاى كوڕى عومەر و ئەبو هورەيرە( خوايان لێ ڕازى بێت ) ئەچونەناو بازاڕ و تەكبيرو ( الله اكبر ) يان دەكرد و خەڵكيش بەو تەكبيرەى ئەوان تەكبيريان دەكرد و ( الله اكبر ) يان دەوتەوە، هەر ئيمامى بوخارى دەڵێت : عومەرى كوڕى خەتاب ( خواى لێ ڕازى بێت ) لەشوێنەكەى خۆى لە( مُنى ) لەكاتى حەج كردندا ، تەكبير و الله اكبرى دەكرد كەخەڵكى ناو مزگەوت ئەيانبيست ئەوانيش الله اكبر يان دەوتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا خەڵكى ناو بازاڕيش ئەمەيان دەوتەوە، تا واى لێ دەهات ( مُنى ) بەيەكجار بەدەنگى ( الله اكبر ) دەنگى دەدايەوە، لەتەواوى ئەو ڕۆژانەدا ( ئيبن عمر ) كەلە( مُنى ) دەبوو تەكبير ( الله اكبر ) ى دەوتەوەلەدواى هەموو نوێژەكان و لەكاتى خەوتن و سەرجێگا و لەمەجليس و لەكاتى ڕۆشتنيش .

5- صەدەقەو ماڵ بەخشين : لەنێو ئەو كارو كردەوەخێرانەدا كەسونەتەمروڤى باوەڕدار بيانكات صەدەقەو ماڵ بەخشينەلەپێناو خوادا ، پەروەردگاريش بۆ ئەم مەبەستەلەزۆر جێگادا موسڵمانان هاندەدات ئەوەتانى لەقورئاندا دەفەرموێت : ( يآ أَيُّها الذينَ آمَنُوا أنْفِقُوا مِنْ قَبلِ أنْ يَأتيَ يَوم لآ بَيْع فِيهِ وَلآ خُلَّة وَلا شَفَاعَة وَالكَفَافِرُونَ هُمُ الظَالِمُونَ ) واتە: ئەى ئەو كەسانەى باوەڕتان هێناوەببەخشن لەپێناو خوادا لەو ڕۆژيەى كەپێمان داوون ، پێش ئەوەى كەڕۆژێك بێت ( كەڕۆژى دوايى يە) كەهيچ كڕين و فرۆشتن دۆستايەتى و ئاشنايەتى و تكا كارێكى تيادا نيە ، وەهەر بێ باوەڕانن كەستەم كارن .

هەر لەم بارەیەوەپێغەمبەری خوا ( σ ) دەفەرموێت : ( ما نقصت صدقة من مال ) ( ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردوە) واتە: ماڵ بەخشین و صەدەقەکردن لەماڵ و دارایی کەم ناکاتەوە.

خوشك وبرایانی خۆشەویستم سەرەڕای ئەو کارو کردەوەخێر و زۆر باشانەی کەباسمان کرد ، کارو کردەوەی تریش هەن کەمرۆڤی موسڵمان بیانکات و ئەنجامیان بدات لەو دەڕۆژەدا ، وەك خۆ خەوریك کردن بەقورئان خوێندن و فێرکردنی کەسانی تر و ئیستغفار کردن و چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوك و بەجێگەیاندنی صلەی ڕەحم و سەلام کردن لەخەڵکی و خواردن بەهەژاران و ئاشت کردنەوەو ڕێکخستنەوەی کەسانی ناتەبا ،و فەرمان کردن بەچاکە،و قەدەغەکردن لەخراپە،و زمان گرتن لەغەیبەت و باسکردنی کەسانی تر بەخراپە،وچاکەکردن لەگەڵ دراوسێ ،و ڕێز گرتنی میوان ،و بەخشین لەپێناو خوای گەورە،و لادانی ئازارو ناڕەحەتی لەسەر ڕێگای هاولاتیان ،و چاکەکردن و چاك بوون لەگەڵ ماڵ و منداڵی خۆت ،و داڵدەدان و دڵدانەوەی هەتیوان ،و سەردانی نەخۆش ،و دەستبارگرتنی هاوڕێ کەت ،و صەڵەوات دان لەسەر پێغەمبەری خوا ( σ ) ،و دوعاو نزای خێر بۆ موسڵمانان ،و بەدەمەو چوونی لێقەوماوان ،و رۆشتن بۆ مزگەوت ،و ئەنجام دانی نوێژەکان بەجەماعەت ،و پێ داگرتن لەکردنی نوێژەسوننەتەکانی پاش و پێشی نوێژەفەرزەکان ،و ڕاست گۆیی لەکڕین و مامەڵەکردن ،و دڵخۆش کردنی خەڵکی ،و سۆز وبەزەیی نواندن لەگەڵ هەژاران ،و سینەفراوانی ،و دوور کەوتنەوەلەڕق و کینە،و هاریکاری کردنی خەڵکی لەو کارانەی کەپێویستیان بەتۆ هەیە، هەموو ئەمانەئەو کارانەن ئەگەر تەنها و تەنها لەبەر خاتر و ڕەزامەندی خوا بکرێن پەروەردگار پاداشتیان بەبەهەشت دەداتەوە.

لــەکۆتایدا لەخــوای گەورەداواکــارم لەگوناهی هــەمو لایەکمان خــۆش بێت و یــارمەتیمان بــدات کــەئەو دەڕۆژەی مــانگی ذی الحجــة بە طاعەت و بــەندایەتی خـوای گەورەبەســەر بەرین ، و بمناخاتەبەر شەفاعەت و تکای پێغەمبەری خوا ( σ ) لەڕۆژی دوایدا ( آمین یارب العالمین ) .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته .